گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی ژینگە و قوتابخانە و تیۆرییەکانی

**شێرکۆ سەردار حسێن هەورامی**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عێراق
Sherko.hawrami76@gmail.com

**پ.ی.د. عبدالله خورشید**
بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عێراق
abdullah.abdullah@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١٢/١٩
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/٢/١٤
**بڵاو کردنەوە:**بەهاری٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Environment, Sociology of Environment, Theory of the Environmental, Environmental schools, Scientists and Environment*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.15

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە، میتۆدی بەکارهاتوو، میتۆدی وەسفی شیکارییە، چونکە توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی تیۆرییە بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی ژینگە و قوتابخانە و تیۆرییەکانی. تیشک دەخاتە سەر بابەتە ژینگەییەکان و گرنگی و پەیوەندییان بە ژیانی تاک و کۆمەڵگاوە، هەروەها ئاوڕدانەوەیەکە لە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی ژینگەیی و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی دەسپێکردنی کاروچالاکییە زانستییەکان لە بارەی کۆمەڵناسی ژینگەوە. هاوکات ئاراستەو قوتابخانە و ئەو تیورڤانانەش دەناسێنێ، کە لە بواری کۆمەڵناسی ژینگەدا کاریان کردووە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی دیارترین کەموکورتی و ئاستەنگەکانی بەردەم کۆمەڵناسی ژینگەییە لە هەرێمی کوردستان و خستنەڕووی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەر کردنیان. لە کۆتای توێژینەوەکەدا گرنگترین ئەنجامەکان باسیان لێوە دەکرێت و پێشنیارەکانی توێژینەوەکەش دەخرێنە بەر

دیدی خوێنەران. لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ناسینی ژینگە و درککردن بە گرنگیەکەی، هاوکات ئاشنا بوون لقە زانستی کۆمەڵناسی ژینگە و قوتابخانە ژینگەییەکان، لە کۆتا ئامانجدا ناسینی زانا و بیرمەندانی بواری کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسی ژینگە.

## پێشەکی:

لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی، بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سروشت خێرا و خێراتر بووە و بواری دووبارە بنیادنانەوە و پێداچوونەوە لە ژینگە بەرتەنگ بووەتەوە ، هەربۆیە ژینگە بە خێرای پیس دەبێت و ڕۆڵی مرۆڤ لە (دانیشتووی نێو سروشتەوە) بۆ (خاوەندارێتی سروشت) گۆڕاوە. ئەمەش وای کردووە، کە زانای ئەمریکی (پاول تیلێر ١٩٢٣ - ٢٠١٥) (Paul W Taylor) سەرەتا لە ساڵی (١٩٨١) لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی (یەکسانخوازی ژینگە سەنتەری)، چەمکی ڕێزگرتنی لە ژینگە بخاتە ڕوو، کە وەک بنەمایەک بۆ تیۆری ڕێز لە سروشت ناوەزەند دەکرێت (فنایی، ٢٠١٧: ٣٧). ساڵی (١٩٦٩) کۆنفرانسێک لە شاری سانفرانسیسکۆ بەڕێوەچوو، لەوێ چالاک و ئاشتیخوازی ئەمریکی، (جان مەک کونێل) (١٩١٥-٢٠١٢) پێشنیازی کرد، ڕۆژێک بە ناوی زەوی و بە واتای ئاشتی، ناو بنرێت. دواتر " (ئۆتانت) سکرتێری ئەو کاتی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٦٢-١٩٧١) لەم پێشنیارەی مەک کۆنێل پێشوازی کرد. ئەمە بە قۆناغێکی گرینگ دانرا بۆ گرینگیدان بە ژینگە و ئەو مەترسیانەی، کە ڕووبەرووی ژینگە و دواجار سەرجەم مرۆڤایەتی. لە دوای ڕاگەیاندنی دەیەی (١٩٧٠) وەکوو دەیەی ژینگە، کۆمەڵناسان درکیان بەوە کرد، کە تیۆر یا لێکۆڵینەوەی تایبەتییان نییە لە گرینگی پێدان بە پرسە ژینگەییەکان، ئەگەرچی سێ بیرمەندی کۆمەڵناسی کلاسیک (ئەمیل دورکهایم، کارل مارکس و ماکس ڤێبەر) هەندێک ڕوانگە و تێڕوانینیان خستبووە ڕوو سەبارەت بە ژینگە، بەڵام ئەم بابەتە لە دوای ئەوان چیدی بە شێوەیەکی ئەوتۆ گرینگی پێ نەدەدرا. وەک "ئالن ئاروین" نووسەری کتێبی (کۆمەڵناسی و ژینگە) دەڵێت:کۆمەڵناسی سەدەی بیستەم خۆی لە بێدەنگی دابوو سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان. ئەمەش وەکوو بۆشاییەک دەبینرا لە تویژینەوە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و بەرهەمەکانی بواری کۆمەڵناسی. هەربۆیە سەرهەڵدانی لقێک بە ناوی " کۆمەلناسی ژینگە" بە پێویست دەزانرا.

## بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان:

## باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### 1 -کێشەی توێژینەوەکە:

گرفتی ژینگە لەم چەند ساڵەی دوایەدا بوەتە گرفتێکی جیهانی و تەواوی سنورەکانی تێپەڕاندووە. مرۆڤ بە شێوازی جۆراوجۆر سەروکاری لەگەڵ ژینگەدا هەیە، لەم ژینگەیەدا ژیاوە و کاریگەری لەسەر ژینگە هەبووە و ژینگەش کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان داناوە. بۆیە دەکرێت وەک کێشەیەک بۆ توێژینەوە تەماشابکرێت. لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا بابەتەکانی ژینگەی تەنیا دیاردەی ناوچەی و لۆکاڵی نین، بەڵکو دیاردەی جیهانین و جێگای بایەخی زانستەکانی مرۆڤناسی، ئابووری، سیاسی، و کۆمەڵناسی و زانستە ئەزموونیەکان، بەتایبەتی لە ڕوانگەی ژئۆپۆلیتیکی و ئاکار و فەلسەفەوە.

سەبارەت بەم توێژینەوەیە (سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی ژینگە و تیورییەکانی) ، کەلە زۆر ڕوانگەوە بۆتە جێگای سەرەنجی توێژەران، هاوکات ئاوردانەوەیەک بۆ مێژووی تیۆرزانانی کۆمەڵناسی و قوتابخانە ژینگەیەکان و ئەو تیۆرانەی کە لە بارەی ژینگە و کۆمەڵناسیەوە دواون. لەگەڵ ئەوەشدا ناسینی کۆمەڵناسی ژینگەی وەک لقە زانستیەکی نوێ لەم توێژینەوەیەدا دەخەینە بەر باس و توێژینەوە.

لە هەرێمی کوردستان بە هۆی گەشەی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆی و کرانەوەی بە ڕووی جیهاندا لەم ساڵانەی دوای و سەرهەڵدانی پێشەسازی سوک و پیشەسازی نەوت و کانزاکان و کاری وە بەرهینانی جۆراو جۆر، ژینگە کەوتۆتە بەرمەترسی و کەمترین بەرپرسیاریەتی هەست پێ دەکرێت و رێژەی سەوزای و گرنگی بە دووبارە (ریساکلین) دەدرێت.

وەک یەکەمین هەنگاوی هەر توێژینەوەیەکی زانستی هەستکردنی توێژەرە بە بوونی گرفتێکی دیاریکراو. کە پرسیاری سەرەکی توێژینەوە لە لای خودی توێژەر دروست دەبێت. ئەم توێژینەوەیە بەو پرسیارانە دەست پێدەکات، یاخود گرفتی توێژینەوەکە بریتییە لە

1 - پرسە ژینگەییەکان تا چەندە بوونەتە خەمی کۆمەڵناسان؟

2 - ئایا کۆمەڵناسی توانیوەیەتی گرفتە ژینگەییەکانی ناو کۆمەڵگا چارەسەر بکات؟
3 - بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی ژینگە پارێزی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیەوە لە چ ئاستێکدایە؟
4 - ئایا کۆمەڵناسی ژینگە وەک لقە زانستیەکی کۆمەڵناسی چالاک بووە؟

## 2- گرنگی توێژینەوەکە.

لەڕووی تیۆرییەوە گرنگی توێژینەوەکە ، کە هەوڵدەدات بچێتە سەر بابەتێک، کە بە تێگەیشتن و زانیاری توێژەر نووسین و توێژینەوەی کەمی لە کۆمەڵگادا لە بارەوە کراوە، کە ئەمەش جۆرێکە لە بەشداریکردنی توێژەر بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنی مەعریفی و خستنەرووی مەعریفەی زانستی لە سەر ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانی ئاکار و ڕەفتاری تاک لە ژینگە پارێزیدا. شیکردنەوەیەکی زانستیانەی چەمکەکان، هاوکات ناساندنی ئاراستەو قوتابخانە ژینگەییەکان و ناوهێنانی ژمارەیەک لە تیۆزانانی کۆمەڵناسی لە بواری ژینگەیدا. لە کۆتایشدا چەندین سەرچاوە دەخاتە بەر دەستی توێژەران بۆ سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانیاندا. هەروەها توێژەر هەوڵدەدات بە شێوەیەکی بابەتیانە توێژینەوەکە ئەنجام بدات، وەک بابەتێکی زیندوو و گرنگی نێو کۆمەڵگا.

## 3- پرسیارەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پرسیارەکانی لە سێ جۆردا خۆیان دەبینەوە ئەوانیش (چیەتی، بۆ و چۆن) ، سنوردارکردنی پرسیارەکانی توێژینەوە لەم سێ جۆرەدا هاوکاری باشی تویژینەوە دەبن بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکانی توێژینەوە. وەک دیارە ئامانجە سەرەکیەکانی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لە وەسفکردن، شیکردنەوە، پێشبینیکردن و کۆنترۆڵ کردن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە دەدین:
1 - ژینگە چیە و گرنگی ژینگە لە سەر ژیانی مرۆڤ؟
2 - کۆمەڵناسی ژینگە چیە؟
3 - ئاراستەو قوتابخانە ژینگەییەکان کامانەن؟
4 - کێن ئەو تیۆرزانانەی بە تیۆرەکانیان بەشداریان لە بەردی بناغەی کۆمەڵناسی ژینگەی داناوە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4- ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

بە هۆی گرنگی بابەتی ژینگەوە و ئەو مەترسیانەی لە رۆژگاری ئەمرۆماندا رووبەرووی ژینگەی جیهانی و هەرێمی کوردستان دەبنەوە، لە ئامانجە سەرەکیەکانی توێژینەوەی بەردەست هەوڵی، زانینی:

1-ناسینی ژینگە و درککردن بە گرنگیەکەی،

2-ئاشنا بوون لقە زانستی کۆمەڵناسی ژینگە.

3-ئاشنابوون بە قوتابخانە ژینگەییەکان.

4-ناسینی زانا و بیرمەندانی بواری کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسی ژینگە.

## باسی دووەم: چەمکەکانی توێژینەوە: (Research Concept)

### ١ - چەمکی ژینگە:( Environment)

چەمکی ژینگە لە زۆربەی زانستەکان و بوارە جۆراو جۆرەکاندا بەکارهاتووە و مانا و پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر زانستە و هەر بوارێک بە پێ مەبەست و پسپۆری خۆی پێناسەی بۆ کردووە، وەک ژینگەی سروشتی، ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی سیاسی و ژینگەی رۆشنبیر... هتد. لە کۆنترین پێناسەکانی ژینگە لەم توێژینەوەیەدا هاتووە کە ژینگە ئاماژەیەکە بۆ کۆمەڵێ هۆکاری سروشتی و جوگرافی، کە بە پێی باوەری زۆربەی زانایان ئەم ژینگە سروشتی و کۆمەڵایەتییە هۆکاری سەرەکیە لە دیاری کردنی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگایەک.(ابراهیم، ١٩٥٠: ١٦١). هەروەها ژینگە بە شوێنی حەوانەوە و کارکردن و گەشتوگوزار و پشوودان دەگووترێ لەبەر ئەوەیە ژینگە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی تاکەکانەوە هەیە. (عزیز، 2017، ل 1).

بۆ زانینی پێناسەی ژینگە بە پێی توێژینەوەکە چەند پێناسەی جۆراو جۆر هەن لەوانەش:

ژینگە لە ڕووی زمانەوانیەوە لە زمانی کوردیدا لە دوو برگە پێکهاتووەلە بنەڕەتدا وشەیەکی ئاوێتەیە و لە هەردوو وشەی (ژین) و (گە) پێکهاتووە، ژین بە واتای ژیان و گە-ش بە واتا جێ یاخوود شوێن دێت ، هەردوو وشەکە پێکەوە مانای شوێنی ژیان یان جێی ژیان دەدەن. (ڕەشنوسی یاسای پاراستنی ژینگە، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٥: ٨).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناسەی ڕێکاری ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ژینگە سەرجەمی ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە، کە پێکەوە بوونیان هەیە و لەلایەنی بایەلۆجی و کیمیای و سروشتی و جوگرافی بە پێکهاتە زیندوو و نا زیندوەکانیشەوە. هاوکات ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیەش دەگرێتەوە، کە تاک پەروەردە دەکات لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیدا.

### ٢- کۆمەڵناسی: Sociology

کۆمەڵناسی(sociology) بابەتێکی زانیستی پسپۆڕی لە مەعریفەی مرۆیەوە سەرچاوەی گرتووە گرنگی بە بابەتەکانی هەژاری، ڕەگەزپەرستی، خێزان، ڕێکخراوەکان گرۆپ و حزبەکان، ژیانی ئایینی، لادانی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی ئابووری، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، شۆڕشەکان، پەروەردە و فێرکردن، هونەر، پێشەسازی، دانیشیوان، شارنشینی، لادێ نشینی، ژینگەی کۆمەڵایەتی و زۆر بابەتی دیکەی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەوە (محسنی، ١٩٩٧: ١٦). کۆمەڵناسی وەک لقەکانی تری زانستی مرۆی لە باوەشی فەلسەفەوە پەیدا بووە و فەیلەسوفان لە میانەی بابەتە فەلسەفیەکانەوە ئاماژەیان بە دیاردەکانی کۆمەڵناسی کردووە. (عبدالجواد، ٢٠٢٠:١١).

سەبارەت بە پێناسەی ڕێکاری، کۆمەڵناسی بریتیە لەو زانستەی بە تیۆر و میتۆدی تایبەت بە خۆیەوە توێژینەوە لە تەواوی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو دیاردانەش دەکات کە پەیوەستن بە کۆمەڵگاوە و لە چەندین لقە زانستی جۆراو جۆر پێکهاتووە، نوێترین لقە زانستیش دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵناسی ژینگەی بکەین.

### ٣- کۆمەڵناسی ژینگە: Sociology Environmental

کۆمەڵناسی ژینگە ئەو لقە زانستیەی کۆمەڵناسیە، کە هەوڵی توێژینەوە و شرۆڤە کردنی بابەتە ژینگەییەکان دەدا، بە سود وەرگرتن لە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی، میتۆد و ڕێبازە پەیرەوکراوەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان. کۆمەڵناسی ژینگە پەیوەندی هەیە بە بابەتە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵناسی وەکوو چینی کۆمەڵایەتی، نایەکسانییە بەرفراوەنەکان لە بابەتە ژینگەییەکان، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بارودۆخە هەنووکەیی و مەترسیدارەکانی گروپە کۆمەڵایەتییەکان

(ساتن،٢٠١٣ :٢٨١ ). هەروەها کۆمەڵناسی ژینگە وەک شێوازێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە و ناسینی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و ژینگە باس کراوە. (اسلامزادە، ٢٠٢١: ١٥).

وەک پێناسەیەکی رێکاری بۆ کۆمەڵناسی ژینگە بریتیە لەو لقە زانستەی لە نێوانی زانستی ژینگەی وەک زانستێکی ئەزموونی و زانستی کۆمەڵناسی وەک زانستێکی مرۆیی گرنگی بە دیاردە ژینگەیەکان و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا و بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی و هۆشیاری ژینگەی تاک لە هەمبەر ژینگە.

## بەشی دووەم: ئاشنابوون بە کۆمەڵناسی ژینگە و کلاسیک و قوتابخانەکان:

### باسی یەکەم: ئاشنابوون بە کۆمەڵناسی ژینگە Sociology Environmental

ئاشنا بوون بە کۆمەڵناسی ژینگە وەک لقە زانستیەکی نوێ و کورتەیەک لە مێژووەکەی پێویستە ئەوەبزانین، کە کۆمەڵناسی ژینگەی ئەو لقە زانستیەیە کە مێژوویەکی دووری نییە و لە چاو لقە زانستیەکانی تردا کەمترین شتی لە بارەوە نوسراوە و توێژینەوەی لە بارەوە کراوە، وەک کورتەیەک لە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم لقە زانستە دەتوانین ئاماژە بە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ لە ساڵی (١٩٦٩) بکەین، وەک یەکەمین هەنگاو بۆ دیاریکردنی ڕۆژی زەوی، ئاشتیخوازی ئەمریکی، (جان مەک) کونێ(١٩١٥-٢٠١٢) پێشنیازی کرد، ڕۆژێک بە ناوی زەوی و بە واتای ئاشتی، ناو بنرێت. دواتر ( ئۆ تانت) سکرتێری ئەو کاتی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٦٢-٩٧١ ) لەم پێشنیارەی (مەک کۆنێل) پێشوازی کرد و ئەم ڕۆژە وەکوو ڕۆژێکی جیهانی لە ڕۆژمێری وڵاتان دەستنیشان کرد. ئەمە بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت بۆ گرنگیدان بە ژینگە و ئەو مەترسیانەی، کە ڕووبەڕووی ژینگە و دواجار سەرجەم مرۆڤایەتی دەبوویەوە بە هۆی هەڵسوکەوتی نابەرپرسانەی مرۆڤ لەهەمبەر ژینگە. ئەمەش بووە دەستپێکی بزوتنەوەیەکی نوێ لە بواری گرینگیدان بە ژینگە، ئیدی پرسی ژینگە بوو بە بابەتێکی هەستیار و سەردەمیانە لە زۆربەی بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و سروشتیەکان. لە دوای ڕاگەیاندنی دەیەی (١٩٧٠) وەکوو دەیەی ژینگە، کۆمەڵناسان درکیان بەوە کرد، کە تیۆر یا لێکۆڵینەوەی تایبەتییان نییە لە گرینگی پێدان بە پرسە ژینگەییەکان، ئەگەرچی سێ بیرمەندی کۆمەڵناسی کلاسیک (ئەمیل دورکهایم، کارل مارکس و ماکس ڤێبەر) هەندێک ڕوانگە و تێڕوانینیان خستبووە روو سەبارەت

بە ژینگە، بەڵام ئەم بابەتە لە دوای ئەوان چیدی بە شێوەیەکی ئەوتۆ گرینگی پێ نەدەدرا، وەک (ئالن ئاروین) نووسەری کتێبی (کۆمەڵناسی و ژینگە) دەڵێت: کۆمەڵناسی سەدەی بیستەم خۆی لە بێدەنگی دابوو سەبارەت بە پرسە ژینگەییەکان، ئەمەش وەکوو بۆشاییەک دەبینرا لە توێژینەوە و بەرهەمەکانی بواری کۆمەڵناسی، هەربۆیە سەرهەڵدانی لقێک بە ناوی(کۆمەڵناسی ژینگە) بە پێویست دەزانرا و بیرمەندانی کۆمەڵناسی هەستیان بە هەرچی زیاتر گرنگیدان بە پرسە ژینگەییەکان، کارلێک و پەیوەندی دوو لایەنەی مرۆڤ و ژینگە کردبوویەوە، کاتێک مرۆڤ هەستی بەوە کرد کە بەردەوام سەروکاری لەگەڵ دەوروبەری هەیە و هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە گەڵ ژینگەکەی بە دێژایی مێژوو هەر لە ملکەچ بوون و دەستەوەستانی بەرامبەر ژینگە بە هۆی نەبووی هوشیاری و ترس لە تورەیی خوداکان، تا تێگەیشتن لە ژینگە و شوێنی ژیانی مرۆڤ، بە هۆی گەشەسەندنی زانست و زاڵ بوون بەسەر بارودۆخە مادییەکانی دەورووبەری، ئەمەش خۆی لە هەڵسوکەوت وکارتێکەری دوو لایەنە دەبینێتەوە (توکل، ٢٠١٦ :١٢) گرنگیدان بە پرسە ژینگەییەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو لە توێژینەوە کۆمەڵناسیەکان بە دیار دەکەوت، ئەمەش دەتوانین لە میانی گەڕان و بەدوا داچوون بۆ سەرچاوەکانی تایبەتی بە پەیوەندی کۆمەڵناسی و ژینگە ببینین. دوای دەیەی (١٩٩٠) بە دواوە کۆمەڵێك کتێب و بەرهەمی باش لەو پەیوەندییەدا بڵاو کرانەوە، کە هۆکارێکی گرینگ بوو لە دەوڵەمەند کردنی لقی کۆمەڵناسی ژینگە، و کەسانی وەکوو (جان هانیگان، آلن اروین، رەیلی دێنلێپ و فیلیپ دبلیو ساتن) ڕۆلێکی بەرچاویان هەبوو و ئیدی پرسە ژینگەییەکان بوون بە یەکێک لە مژارە گرنگەکانی کۆمەڵناسی. (الخواجە، ٢٠١٣: ١٠٤ و ١٠٥ و ١٠٤).

هەربۆیە ڕوانگەی کۆمەڵناسی بۆ خستنەرووی گرفتە ژینگەییەکان، زانستی کۆمەڵناسی لە چەند ڕوویەوەکەوە توێژینەوە لەسەر ژینگە دەکات:

1 - توێژینەوە لە بارەی پێکهاتەی دانیشتوان و شیکردنەوەی تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکان، بۆ دانانی پلان و بەرنامەی گەشەپێدانی مرۆیی و سەرچاوە سروشتییەکان.
2 - توێژینەوە لە بابەتگەلی و دەستنیشانکردنی توخمە ئیکۆلۆژیە لۆکاڵیەکان .
3 - بابەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ ژینگەی ناوچەی و کاردانەوکانیان لەسەر ژینگەی هەرێمی و کاریگەریان لەسەر گەشە و پێشکەوتنەکان.

4 - بابەتی شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژی و هۆشیاری و کردار و شێوازەکانی ژیانی ناوچەیی.

5 - بابەتی هۆشیاری ژینگەی، ئەم هۆشیاریەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژینگە و گرفتەکانی هەیە.

6 - بابەتی تایبەت بە نەخشەکێشان و پلانی گەشەی ژینگەی.

(فلیپ دبلیو ساتن)، لە پێشەکی کتێبەکەیدا (سەرەتایەک بۆ کۆمەڵناسی ژینگە) دەنوسێت، کە (هاوارد نیوبای) (Howard Newby) لە وتارێکی کاریگەردا لە بارەی کۆمەڵناسی ژینگەوە (١٩٩١) باسی لە گۆڕانی ژینگە کردووە و گووتویەتی: ئەم بابەتە چەندە پەیوەندی بە زانستە سروشتی و ئەزموونیەکانەوە هەیە، هێندەش پەیوەستە بە کۆمەڵناسیەوە (ساتن، ٢٠١٩: ١). چونکە ئەو پێیوابووە، کە ژینگە بێ کۆمەڵگا و مرۆڤ هیچ مانایەک نابەخشێت.

## باسی دووەم: کۆمەڵناسی کلاسیک و ژینگە:

بە شێوەییەکی گشتی هەر سێ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی (دۆرکایم، ڤێبەر و مارکس)، ئاوریيان لە هەندێ لایەنی سروشت و کۆمەڵگا داوەتەوە، بەڵام ئەم بابەتە لە بەرهەمەکانیان بابەتی سەرەکی نەبوون. بە بۆچۆنی زۆر بنەماکانی توێژینەوەی ژینگەی لە ئەمریکای باکور و لە نێو لقە زانستی کۆمەڵناسی لادێی دەردەکەوێت، لە دوو توێژینەوەی تایبەت بە کۆمەڵە پەیوەستەکان بە سەرچاوەکانی سروشت و زیادبوونی سود وەرگرتن لە پارکە گشتیەکان. (**Humphrey**, 2003, 11). وەک یەکەمین سود وەرگرتن لە چەمکی کۆمەڵناسی ژینگەی دەتوانین ئاماژە بە کتێبی سەرەتایەک بۆ مرۆڤ لە ژینگە و دەوروبەریدا، لە نوسینی سامۆئیل کلاوسنر (**Samuel klausner**) بکەین. کە لە ساڵی (١٩٧١) بڵاوی کردۆتەوە، ئەمەو چەندین بەرهەمی هاوشێوە لەو چەند ساڵەدا وەک سەرەتا و دەسپێکی کۆمەڵناسی ژینگەی دێنە هەژمار. (هانیگن، ٢٠٢٠: ٢٥) مارکس و ئینگلیس لە بارەی ململانێی نێوان چینە سەرەکیەکانی کۆمەڵگاوە (سەرمایەداران و پرۆلیتاریا) لەو باوەڕەدان کە چینی پرۆلیتاریا نەک سەبارەت بە کارەکەیان بێگانە دەبن، دەبێتە هۆی بێگانە بوونیشیان لەگەڵ سروشت.(هانیگن، ٢٠٢٠: ٢٠)، هاوکات لە تیۆری مارکسیستی سەردەمیشدا نەک تەنیا جەخت لەسەر رۆڵی سەرمایەداران کراوەتەوە، بەڵکو رۆڵی دەوڵەت لە وێرانکردنی ژینگەی زیاتر جەخت کراوەتەوە. یەکێکی تر لە خوێندنەوە گرنگەکانی

تیۆری ژینگەناسی مارکسی وتارێکی (بلامی فوستر) لە بارەی تیۆری درزی میتابولیک (**metabolic rift**) مارکس بووە. کە وەک ڕەخنەیەک دێتە هەژمار. جگە لەوەش دەربڕینی ژینگە پارێزی بۆ تێکدانی ژینگەی ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەپارێزی مرۆیی لە ساڵەکانی (١٩٢٠ تا ١٩٦٠). کە لە نێو کۆمەڵناسی شارنشینیدا خۆی دەبینیەوە. ئەم جۆرەش لە مۆدێلی ژینگەیەی شاریە لەلایەن رابرت پارک و هاوڕێکانیەوە لە زانکۆی شیکاگۆ لە نێوانی ساڵەکانی (١٩٢٠ تا ١٩٣٠) ناسێنراوە. (هانیگن، ٢٠٢٠: ٢٢ و ٢٧). کەواتە لە کۆمەڵناسی کلاسیکدا کەمتر رووبەرووی بابەتی ژینگەی دەبینەوە، ئەوەشی کە باس کراوە لێکدانەوەی ئێستاوە وناوهێنانیەتی لە سەر بنەمای چەمکەکانی ئێستا، نەوەک سەردەمی کۆمەڵناسی کلاسیک.

لە پاش ساڵەکانی (١٩٧٠) بە شێوەیەکی گشتی دیدگا و ڕەفتارەکان بەرانبەر ژینگە گۆڕانیان بەسەردا هاتوو و پارادایمێکی نوێ سەری هەڵدا ئەویش بریتی بوو لەوەی کە مرۆڤ تاکە بوونەوەری سەر زەوی نییە و لە نوسینەکانی (جان هانیگن و فلیپ دبلیو ساتن) دا بە ڕوونی دەردەکەون و لە پێنج خاڵدا چر دەکرێنەوە (جهرمی، ٢٠١٨: ١٢) ئەوانیش:

1 - سنوردارکردن لە گەشە و چالاکیەکانی مرۆڤ لەسەر بەرژەوەندی ژینگە.

2 - نەیاری لەگەڵ مرۆڤ سەنتەری و پاراستنی هاوسەنگی ژینگەی.

3 - ڕەتکردنەوەی لێبوردەی بۆ مرۆڤ، مرۆڤ بە شێکە لە بونەوەر و ناکرێت بەشێک دەسەڵاتی بە سەر گشتدا هەبێت.

4 - ئەگەری قەیرانە ژینگەییەکان و ڕوودانی کارەساتەکان.

## باسی سێیەم: قوتابخانە ژینگەییەکان:

بێگومان تیۆرەکان گرنگی تایبەت بە خۆیان هەیە و بۆ هەر بابەت و گرفتێکی توێژینەوە ئاوڕدانەوە لە تیۆر و رای زانایانی ئەو بوارە ڕۆڵی زیاتر دەبینیت لە ڕوونکردنەوە و گەیشتنە ئەنجامی دروست و زانستیانترە. ژینگە و بابەتە ژینگەییەکان چەندین تیۆر و ئاراستە و قوتابخانە هەیە، کە باسیان لە ژینگە و گرنگی و ڕەهەندەکانی کردووەم (پاول تیلێر) لە ساڵی (١٩٨١) لە وتارێکدا لە ژێر ناونیشانی (یەکسانخواز سەنتەری) و دواجار لە ساڵی (١٩٨٦) دا لە دوتۆی کتێبێکدا بەناوی (ڕێزگرتن لە سروشت، تیۆرێک لە ئاکاری ژینگەی) بڵاو کردەوە.

بیرمەندانی وەک (جوزف دژاردن و جان بنسن) بە لەبەر چاوگرتنی بنەما فەلسەفیەکان ئەم تیۆرە وەک تیۆرێکی گونجا و ورد لە بارەی ئاکاری ژینگە پارێزی ناوزەد دەکەن (جان،٢٠١٤: ١٢٤). لەم تیۆرەدا بەهای هەموو بوونەوەرەکان ڕۆڵی بنچینەیان هەیە. سەرەتا باسێک لەو قوتابخانانە دەکەین کە پرژاونەتە سەر بابەتی ژینگەی بە ئاراستەو دیدگای جیاوازەوە.

سەبارەت بە خودی تیۆریش دەکرێت بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی لە نێوان زاناکاندا هەیە ئاوا پێناسەی تیۆری زانستی بکەین، سیستەمێکی هزری هەڵێنجەری ڕێک و پێکە لە بارەی دیاردەیەکەوە یان لە بارەی ژمارەیەک دیاردەی هاوچەشنەوە. (زێباری، ٢٠١٧: ١٩)،

کۆمەڵناسی ئەمریکی (جاناتان تێرنێر) بەم شێوەیەی باس لە تیۆری کۆمەڵایەتی دەکات، کە گشتی تیۆر بە دوای ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی بابەتەکانە. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێن تیۆری کۆمەڵایەتی باسی چۆنیەتی کار و چالاکی جیهانی کۆمەڵایەتی دەکات. کە جیهانی کۆمەڵایەتی ئاوێتەیەکە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی. دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان، ڕەفتارەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان مرۆڤەکان(**Turner,2013:1**). هەر بۆیە تیۆر پشت ئەستوورە بە واقعی کۆمەڵایەتی و ڕوداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

### 1- قوتابخانەی زاڵگەری (حەتمییەت)

قوتابخانەی زاڵگەری قوتابخانەی ژینگەیشی پێدەڵێن. فەلسەفەی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە (ئەلن سمبل) زانای ئەنریکی و پسپۆڕ لە بواری جوگرافیا و لە پێشەنگەکانی قوتابخانەی زاڵگەری دەڵێت: مرۆڤ کوڕی ژینگەکەیەتی و هەر ژینگەشە کەوا بەخێوکەرو چاودێریکەری مرۆڤە، ژینگە تێکەڵ بە ئەقڵ و ڕوح و ئێسکی مرۆڤ بووە، ژینگە ئاراستەکەری فکرو بیروبۆچوون و گۆڕانکاری ڕەنگ و شێوەو چالاکییەکانی مرۆڤە، بە واتایەکی دیکە ژینگە هەموو شتێکە لە ژیانی مرۆڤدا. هەر لە ڕوانگە و چوارچێوەی ئەم فەلسەفەیەدا (ڤیکتۆر کزن) دەڵێت: نەخشەی ژینگەیەکم پێبدەن بە هەموو زانیاریەکی تەواوەوە دەربارەی جێگەو ئاوو هەواو بەروبوومە سرووشتییەکانی ئەو ژینگەیە، لەسەر بنچێنەی ئەو زانیاریانە من دەتوانم جۆری ئەو مرۆڤە دیاری بکەم کە دەتوانێت لەو ژینگەیەدا بژیت (بەرزنجی،٢٠٠١ :١٦)، کەواتە دەتوانین بڵێین

بیروڕای قوتابخانەی حەتمی زیاتر بایەخ بە لایەنی سرووشتی دەدات و ڕۆڵ و توانای مرۆڤی پەراوێز خستووە.

## 2- قوتابخانەی تواناگەری (ئیمکانییەت)

فەلسەی ئەم قوتابخانەیە دەڵێت: مرۆڤ بوونەوەرێکی نێگەتیف و هاوکاری ژینگە نییە و بەبێ بیرکردنەوەو بەدیهێنانی خواستەکانی مل کەچی نابێت، بەڵکو مرۆڤ خاوەن هێزێکی بەکارو( پۆزەتیف) بیرکردنەوەی تایبەتمەندە، کە توانای تەوای هەیە لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون. کۆبیری ئەم قوتابخانەیە دەڵێت: ژینگە مرۆڤی سەربەست کردووە لە هەڵبژاردنی ئەو کارو شێوازە ژیانەی کە لەگەڵ تواناو ئامانج و خواستەکانیدا دەگونجێ (بەرزنجی، ٢٠٠١: ١٦ و ١٧). کەواتە بە خوێندنەوەمان بۆ ناوەڕۆکی فەلسەفەی ئەم قوتابخانەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم قوتابخانەیە هاودژە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە کە دەڵێت: مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی لە ژینگەدا نییە و مل کەچی هێزو دەسەڵاتی سرووشت و ژینگەیە، بە واتایەکی دیکە باوەڕی ئەم قوتابخانە ئەوەیە کە نابێت ڕۆڵ و کاریگەری مرۆڤ پشتگوێ بخرێت لە درووستکردنی گۆڕانکاری و دەستکاریکردنی ژینگە دەوروبەری و کۆنترۆڵکردنی و خستنەژێر ڕکێفی خۆیەوە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

## 3- قوتابخانەی گونجانگەری

بە هۆی ئەو ناکۆکی و دژ بەیەکیەی، کە لە نێوان هەردوو قوتابخانەی زاڵگەری و قوتابخانەی تواناگەری) هەبوو لە ڕوانگەی تایبەت بەخۆ یان بۆ پەیوندی نێوان مرۆڤ و ژینگە، پێویست بوو قوتابخانەو ئاراستەیەکی نوێ بێتە ئاراوە، کە بتوانێت گونجان و لێك نزیکبوونەوە لە نێوان هەردوو ڕوانگە دژ بەیەکەکە بێنێتەدی. هەربۆیە قوتابخانەیەکی نوێ بە ناوی قوتابخانەی ئەگەری سەری هەڵدا،ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانە هەردوو ئاراستەکەی پێش خۆی باوەڕی بە ڕەتکردنەوەی ڕەهاو هەڵبژاردنی ڕەها نییە، بەڵکو باوەڕی بە کاریگەری دوولایەنەی نێوان مرۆڤ و ژینگە هەیە. واتا لە هەندێك شوێن و بارودۆخدا ژینگە زاڵە و بەسەر هێزو توانای مرۆڤدا و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم کارو بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ.(الجوهري، ٢٠١٩ : ١٨) کەواتە دەتوانین

بڵێین قوتابخانەی گونجانەگەری ئاراستەو ڕوانگەیەکی مام ناوەندی وەرگرتووە لە نێوان هەردوو (قوتابخانەی زاڵگەری حەتمییەت) و ( قوتابخانەی تواناگەری ئیمکانییە). ئەم ڕەوتە باوەڕی بە پەیوەندی و کاریگەری دوولایەنەی نێوان مرۆڤ و ژینگە هەیە.

## بەشی سێیەم: ئاراستە تیۆرییەکان و زانایانی ژینگە:

### باسی یەکەم: ئاراستە تیۆرییەکانی ژینگە:

پێویستی کۆمەڵناسی ژینگە و گرنگیدان بە بابەتە ژینگەییەکان مێژووییەکی زۆری نییە و لە دەرئەنجامی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا و زۆربوونی کێشە ژینگەییەکان، هەست بۆ بۆشایی دەکرا لە بابەتەکانی کۆمەڵناسی ژینگە. (جمعە،٢٠١١ :٨٠). لەم توێژینەوەیدا مەبەستمانە باس لە چەند ئاراستەیەکی تیۆری بکەین بەرامبەر پرسە ژینگەییەکان، وەکوو (ئاراستەی پارێزگاران، لیبرالیستەکان، ڕادیکالیستەکان و ئاراستەی نوێ بەرامبەر ژینگە).

پێش ئەوەی باس لە ئاراستە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی لە بارەی ژینگە بکەین پێویستە بزانین مەبەست لەو ئاراستانە چیە ؟ هەر بۆیە لە میانی خستنەڕووی هەر یەک لەو ئاراستە تیۆرییانە روون دەکەینەوە:

**1-ئاراستەی تیۆریی پارێزگاران**

وەستانەوە بە دژ رەوتی سەردەم و جەخت کردنەوە لەسەر نەریتەکان خەسڵەتە دیارەکانی ئەم ئاراستەیەیە. یەکێک لە رەوتە فیکریی، سیاسی و ئیدۆلۆژیکەکان لەلای بیرمەندانی ڕۆژئاوایی، رەوتی پارێزگاران. ئەگەرچی ئەم ئاراستەیە زیاتر لە بواری سیاسەت و کەشی سیاسی چەسپاوە، بەڵام لە ئێستادا ئەم چەمکە تەنها لە چوارچێوەی سیاسەت بەکار نایەت، بەڵکو تاڕادەیەک پەلی هاوێشتوە بۆ زۆرێک لە بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان (حجت،٢٠١٤ :٦). ئەم رەوتە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ژینگە وەکوو سەرچاوەیەکی فراوانە بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ و دابین کردنی پێداویستیەکان، بۆیە پێویستە بەشە پێکهێنەرەکانی ژینگە پارێزگارییان لێ بکریت (پورعمران، ٢٠١٧ :٤٥ ) ئەم ئاراستەیە درێژەپێدەری تیۆرەکەی ئەمیل دورکهایمە، پێیانوایە کێشە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگەییە هاوچەرخەکان لە ئەنجامی سەرهەڵدانی پیشەسازیەوە سەرچاوەیان گرتووە (هماش، ٢٠١٧ :١٩١ )

## 2-ئاراستەی تیۆریی ڕیالیستی:

بۆ خێرا تیگەیشتن لەم ڕەوتە زیاتر گرنگی بە مرۆڤ دەدەن و زاڵی دەکەن بەسەر هەموو بابەتەکانی دیکەدا. ئەم ڕەوتە تاڕادەیەک هاوتەریبن لە گەڵ هزری رئالیستەکان، خۆی لە باڵادەستی مرۆڤ لە سەر ژینگە دەبینێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ دەستێوەردانی هەرچی زیاتری مرۆڤ (هی وود،٢٠٠١ :٧٦ ). بیرمەندان و هزرڤانانی ئەو رەوتە بەسەر دوو دەستە دابەش دەبن :دەستەی یەکەم: باوەڕیان بەوە هەیە، کە زۆربوونی کێشە ژینگەییەکان بە تایبەتی لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان لە دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بە هۆی گەشە سەندنی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا هاتۆتە ئاراوە، دەستەی دووهەم؛ گرنگی بە سروشتی بەرهەمهێنان و کۆمەڵگا پیشەسازییەکان دەدەن، پێیانوایە کە کۆمەڵگاکان، چ سەرمایەداری بێت یا سۆسیالیستی لە ڕێگای بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە، بەڵام هەڵگرانی ئەم رەوتە پەرەسەندنی ئابووری و ئاستی بژێویان پێکەوە گریداوە و پرسە ژینگەییەکان بە بابەتی لاوەکی دەزانن، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی لاواز بوونی کۆمەڵگای پیشەسازی و ڕۆژئاوایی (جمعە،٢٠١١ :٨٣ ). هزرڤانانی ئەم ڕەوتە چارەسەری قەیران و کیشە ژینگەییەکان لە گۆڕانی بەهاکان دەبیننەوە (هماش،٢٠١٧ :١٩٢)

## 3-ئاراستەی تیۆریی لیبراڵەکان (Liberalism)

چەمکی لیبرالیسم بە واتای ئازادیخواز، لە وشەی **Liberty** بە واتای ئازادی وەرگیراوە، هەروەها وشەی **Liberal** وشەیەکی فرەنسیە، بە واتای تاکی ئازادیخواز یا لایەنگری ئازادی هاتووە. ئەم چەمکە لە سەدەی ناوەراستەکان بە واتای پیشە ئازادەکان هاتووە، دواتر مانایەکی خراپی وەرگرت، بە جۆرێک لە نووسینەکانی شکسپیر بە واتای مرۆڤی سوک و بەڕەڵا هاتووە. بەڵام دواتر مانای پێشووی خۆی واتە (ئازادیخواز)ی وەرگرتەوە (شەبانی،٢٠١٠ :١٣ ). زۆرێک لە بیرمەندان پێناسەی جیاوازیان خستۆتەڕوو، یەک لەوان سالوین شاپیرو مامۆستا بە ناوبانگ لە نیۆیۆرکی ئەمریکی دەڵیت: " لیبرالیسم دەتوانرێ بە شێوەیەکی دیاریکراو لە شێوازی ژیان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بابەتە پێوەندیدارەکانی بزانرێت، بەتایبەتی جەخت لە سەر ئازادی بۆ تاکەکان، نەتەوە و کەمە نەتەوەکان دەکاتەوە" (شاپیرو، ٢٠١٢ :٣). لە بنەڕەتدا ئاڕاستەی لیبرالیستی تێڕوانینێکی ئەرێنیان بۆ سرشتی مرۆڤ هەیە و دەرفت و توانایی گەشە وبەرەوپێشچوون بە هۆی سرووشت و زاتی پاکی مرۆڤ دەستەبەر دەبێت (ترابی،٢٠١٠ :٧٤٧). لە تیۆرەکانی لیبرالیستی بە تایبەتی جەخت لەسەر پەرەپێدانی دیمۆکراسی، بازاڕی ئازاد، ڕۆڵی ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و هاوکاری دوو لایەنەی نێوان دەوڵەتەکان کراوە. بە بڕوای لیبرالیستەکان بابەتە ژینگەییەکان مژارێکی دیکە لە هاوکاری نێوان وڵاتان پیکدێنێت. بە هۆی ئەوەی کە بابەتە ژینگەییەکان لە ئێستادا بابەتێکی جیهانین (صانعی، ٢٠١٩: ١٧٥). لە ئاراستەی لیبرالی دوو ڕوانگەی گرینگ بوونیان هەیە:

ڕوانگەی یەکەم: هەڵگرانی ئەم ڕوانگەیە پێیان وایە حکومەت و پرۆسەی یاسایی کۆمەڵە کەسانێک بەڕێوەیان دەبەن کە هیچ گرینگیەک بە ژینگە و کێشە ژینگەییەکان نادەن، ئەوان جگە لە زیاد کردنی قازانجەکانیان هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە.

ڕوانگەی دووەم ئەوەیە: ئەو چینەی کە ژینگە بۆ بەرژەوەندییان بەکار دێنن، بە کەڵک وەرگرتن لە ڕاگەیاندن هەوڵی پەردەپۆش کردنی کردارەکانیان بەرامبەر ژینگە دەدەن و لەو ڕێگایەوە ڕەوایی بە کارەکانیان دەدەن، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی بەهای خۆشگوزەرانی و بەرزکردنی ئاستی داهات و بەرهەمهێنان( هەماش،٢٠١٧ :١٩٢). بە واتایەکی دیکە لیبرالیسم وەکو و ئاراستەیەک کە لە مۆدێرنیتە هەڵقوڵاوە، لە سەر ئەو بنەما بنەڕەتیانەن بە جەخت کردنیان لە سەر باڵادەستی مرۆڤ بەسەر ژینگە، نەک ناتوانن ڕێگاچارەیەک بۆ کێشە ژینگەییەکان بخەنەڕوو، بەڵکو بە برەودان بە بەپیشەسازی و پەرەسەندنی شارنشینی هەر خۆیان هۆکارێکن بۆ تێکدانی ژینگە، کە ئەم ڕەخنانە زیاتر لە لایەن ڕادیکاڵەکانەوە ئاراستە دەکرێن(ترابی،٢٠١٠ :٧٤٩).

## 4- تیۆریی ڕادیکالیزم (Radicalism)

ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ ئەندێشە و کردارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی. لایەنگرانی ئەو هزرە دەخوازن بە پەلە گۆڕانکارییەکی قووڵ بەسەر دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکاندا بێت. ڕادیکالیزم و ئاوەڵناوی ڕادیکاڵ، زیاتر بۆ وەسفی ئەندێشە و کردەی سیاسی چەپی توندڕەو _ مارکسی یا

نامارکسی_ بە کار هاتووە (شەبانی،٢٠١٠ :١٤٤ ). ئاراستەی ڕادیکالیزم یا توندڕەوی، لە ڕاستیدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان پارێزگاران و لیبرالیستەکان ناکات، بە بڕوای ئەوان، هەر دوو ئاراستەکە لە ناخی مودێرنیتەوە هەڵقوڵاون، کە سەرەکیترین هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردە مەترسیدارە ژینگەییەکانن (ترابی،٢٠١٠ :٧٥٢ ) ئەم ئاراستەیە لە فیکری مارکسەوە وەرگیراوە، کە لە سەر ئەو بنەمایە شیکردنەوە بۆ هۆیەکانی تێکچوونی کێشە ژینگەییەکان دەکات(جمعە،٢٠١١:٨٤ ).

ڕادیکاڵەکان باوەڕیان وایە سیستەمی سەرمایەداری زیاتر جەخت دەکاتە سەر تاک نەوەک کۆمەڵگا، و هاندەری ئەوەیە ئاستی بژێوی تاکەکان بەرز بکەنەوە، لە لایەکی دیکە بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆیان بانگەشەی باشتر کردنی ژیانی کرێکاران دەکەن (هەماش، ٢٠١٧: ١٩٣).

## باسی دووەم: زانایان و ژینگە

هەر سەردەم و قوتابخانە و تیورێک بە جیاوازی دیدگای خۆیەوە لە دیاردەکان و چەمکەکان دەڕوانێت و ژینگەش وەک چەمکێکی جیهانی و نوێ و سەردەم چەندین لێکدانەوەی بۆ کراوە و هەر تیۆرەی بە شێوەیەک ئاوڕی لێداوەتەوە، لێرەدا بە پێی قۆناغی مێژووی ژینگە لە ڕوانگەی چەند تیورزانێکەوە ڕاڤە دەکەین. یان دروسترە ئەگەر بڵێن ژینگە لە ڕوانگەی زانایانەوە، بەڵام بەپێی قۆناغبەندی کات.

## یەکەم: ژینگە لە لای زانایانی کۆمەڵناسی کلاسیک

### 1-هێربرت سپێنسەر (Herbert Spencer )

سپێنسەر (١٨٢٠ - ١٩٠٣) یەکێکە لە زانایانی دامەزرێنەری کۆمەڵناسی کلاسیک کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری تیۆری پەرەسەندنی (چالز داروین) **(Charles Darwin)** و قۆتابخانەی داروینیزمی کۆمەڵایەتی **(Social Darwinism)** ئەو پێیوایە، کە پەیوەندیەکی پتە ولە نێوانی مرۆڤ و ژینگەدا هەیە و دەڵێت پەرەسەندن یاسایەکی حەتمی و گەردوونیە و کە ماددەی سادەوە دەگورێت بۆ ماددەی ئاڵۆز، بوونەوەی هاوشێوە دەگورێت بۆ بوونەوەری

جیاواز، بە هێڵێکی ڕاست و بۆ سەرەوە. ئەم گەشە سەندنە بەردەوام دەبێت و تەنانەت عەقڵ و هزری مرۆڤیش لە ژێر کاریگەری ژینگەکەیدا گەشە دەکات**(Dickens, 1992: 20)**.

## 2-ئەمیل دۆرکایم (Emil Durkheim)

دۆرکایم (١٨٥٨ - ١٩١٧) کۆمەڵناسی فەرەنسی لە نێوان سەدەی نۆزدەیەم و سەدەی بیستەم کە هەندێک بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵناسی دادەنێن، بە پێچەوانەی تیۆروانانی هزری زاڵگەری باسی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە کردووە. ئەمیل دورکهایم پێوابوو، کە ژیانی مرۆڤ ناچاری نییە. بەڵکو مرۆڤ ئەو تواناییەی هەیە، کە ژینگەکەی بگۆڕێت بە پێ ویست و حەزی خۆی و بە پێ ئەوەی پێداویستیەکانی خۆی پێ دابین بکات، مرۆڤ دەتوانێت سود لە ژینگەکەی وەربگرێت (الفراک، ٢٠٢٠: ٤٨). هەروەها دۆرکایم کۆمەڵگا بە بەشێک لە ژینگە دەزانێت و لە ڕووی ئاڵۆزی پێکهاتەیەوە لە بەرزترین ئاستدایە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵکا بە بەهێزترین پێکهاتەی ئەخلاقی و فیزیکی سروشت دەزانێت کە لە هیچ بەشێکی تری ژینگەدا نابینرێت. **(Gross**, 2000, 279). هاوکات دۆرکایم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە هەر کۆمەڵگایەک ژمارەی دانیشتوانی زیاد بکات، ئەندامانی کۆمەڵگاکەی زیاتر پێویستیان بە سەرچاوەکانی سروشت دەبێت (عضدانلو، ٢٠٠٨، ٢٠٣).

## 3-کارل مارکس (Karl marx)

بیرمەندی ئەڵمانی کارل مارکس(١٨١٨_١٨٨٣ ) کە بە یەکێک لە ناسراوترین و کاریگەرترین فەیلەسوف و کۆمەڵناسانی کلاسیک دادەنرێت، سەبارەت بە ژینگە هێرش دەکاتە سەر (ماڵتۆس) و لایەنگرانی تیۆرەکەی و دژیان دەوەستێتەوە، لەوەی کە هۆکاری سەرەکی کێشەکانی نەزانیوە. .مارکس پێوایە کێشەی سەرەکی لە نەبوونی دادپەروەرییە لە بەرهەم و دابەشکردنی کاڵاکان. خوڵقێنەری سەرەکی برسیەتی، سیستەمی سەرمایەدارییە، کە کرێکاران دەچەوسێنێتەوە، و بەدەستەبەر بوون و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم ئەو کێشانەش چارەسەر دەبن (محرم نژاد،٢٠١٠: ٧ ). لە لایەکی ترەوە مارکس لەو باوەڕەدایە کە

ئابووری سەرمایەداری دژ بە ژینگەی سروستیە و بۆ بەدەستهێنانی زیاتری قازانج و سودێکی کاتی لە ئایندەدا زیانێکی گەورە بە ژینگەی سروشتی دەگەیەنێت. (عضدانلو، ٢٠٠٨، ٦١٥).

### 4-ماکس ڤیبەر (Max Weber )

ڤیبەر (١٨٦٤ -١٩٢٠) هەردەم جەختی لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە گرفتی ژینگە بە هاوبەشی کۆمەڵناسی و زانستەکانی دیکە چارەسەر بکرێت. ڤیبەر لەسەر بیروبۆچونەکانی زانایانی ئەو کاتە لە بارەی وزە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێژەی کاریگەریان لەسەر پەرەسەندنی ڕەگەزی مرۆی و چۆنیەتی پێکهێنانی ژینگەی سروشتی بۆ ئەو وزانە شیکردنەوەی هەبووە. بە کورتی ڤیبەر کاتێک باس لە گۆڕان و کولتوور و ئابووری و ئایین و ڕێکخستن و فێرکاری و پەروەردە و چەمکە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە دەیبەستیتەوە بە پەیوەندی نێوان ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئەو ژینگەیەی کە واقیعە کۆمەڵایەتیەکانی تێدا دروست دەبن(العبیدی، ٢٠٢٠، ١٢٤).

### 5-جۆرج زیمێل (Georg Simmel )

زمێل (١٨٥٨- ١٩١٨)، وەک یەکێک لە کۆمەڵناسە کلاسیکە بەناوبانگەکان دەژمێردرێت، کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڤیبەرەوە، تیۆرەکەشی زۆر بە کورتی باس لە ژینگە و دیاردە سروشتیەکان دەکات. زیمێل هەوڵی ئاشتەوانی نێوان ژینگەی سروشتی و کۆمەڵگا دەدات. بە تایبەت ئەو کاتەی کە باس لە چەمکی کارلێک دەکات(تفاعل). لە پێناسەی کۆمەڵگادا زیمێل دەڵێت: کۆمەڵگا هەموو کارلێکەکانی نێوان کۆمەڵگا، هەروەها نێوانی مرۆڤ و نامرۆڤیش دەگرێتەوە، چونکە کارلێکی نێوان مرۆڤەکان بە تەنیا کۆمەڵگا دروست ناکات، بەڵکو لەگەڵ زیندەوەران و ژینگەی و سروشتیش دەگرێتەوە. زیمێل کۆمەڵگا و سروشت لە یەکتری جیا ناکاتەوە. (**Gross, 2000**: 284 - 287) .

### 6-ڕۆبێرت پارک (Robert Ezra Park)

پارک (١٨٦٤ - ١٩٤٤) لەگەڵ هەر یەک لە ئیرنێست بێرگس**(Ernest Watson Burgess)** لویس وێرس **(Louis Wirth)** ڕۆدریگ مەکێنزی**(Roderick Duncan McKenzie)**

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی شیکاگۆ دەناسرێن، وەک قوتابیەکی جۆرج زیمێل بەردەوام لە پەیوەندیدا بووە بە تایبەت ئەو کاتەی لە بەرلین و ستراسبۆرگ و هایدێلبێرگ. لێکۆڵینەوەیەکی هەیە لەگەڵ (بێرگس و مەکێنزی) لە بارەی کۆمەڵناسی شار و ئیکۆلۆژییەوە، کە لەو لێکۆڵینەوەیدا بەشێک لە تیۆرەکەی زیمێل جێ بەجێ دەکەن و دەیسەلمێنن لە ئیکۆلۆژی و ژینگەی شاری و تەنانەت گەڕەکەکانی ناوشار لەسەر ڕەفتاری لادانی گەنجان کاریگەریەکی پتەویان هەیە. ئەو کۆمەڵناسانە پێچەوانەی کۆمەڵناسانی پێشوو ، بە شێوەیەکی ئەزموونی کاریگەری نێوان سروشت و کۆمەڵگا شی دەکەنەوە (بن رمضان، ٢٠١٨: ٢٧).

### 7-زیگموند فرۆید (zygmunt freud)

زیگمۆند فرۆید (١٨٥٦ - ١٩٣٩) زانای دەروونناسی سەر بە قوتابخانەی دەروونشیکاری، باس لە شارستانیەت و گرفتەکانی دەکات و دەڵێت: لە قاڵبدانی سروشتی دەرەکی لەلایەن مرۆڤەوە، هەمان شتە کە مرۆڤ دەیەوێت خواستەکانی خۆی بەسەر سروشتدا بسەپێنێت. فرۆید وەک زۆربەی زانایانی کۆمەڵناسی کاتێک کە باس لە سروشت دەکات مەبەستی لە سروشتی دەرەکی سروشت و ژینگەیە و سروشتی ناوەکیش هەمان دەروونی خودە. فرۆید لە بەشێکی تیۆرەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە چۆن شارستانیەت و پێشکەوتنی گەشەی کۆمەڵگا نەک تەنیا بە سود وەرگرتن بە سروشتەوە بەستراوەتەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ڕونکردنی هەندێ لایەنی بەهێزی تێکدەرانەی ناو دەروونی تاکەوە (محرم نزاد، ٢٠١٣: ٨).

## دوووەم: ژینگە لە تێڕوانینی سەدەی ڕۆشنگەریەوە:

سەردەمی ڕۆشنگەر وەک سەرچاوەیەک بۆ زۆربەی تیۆرە کۆمەڵایەتیە کلاسیک و هاوچەرخەکان، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە چەند بیرمەندێکی ئەو سەردەمە دەدەین:

### 1-تۆماس هۆبز (Tomas Hobbes)

هۆبز (١٥٨٨ - ١٦٧٩) فەیلەسووفی بەریتانی کە بە کارەکانی لە بارەی فەلسەفەی ڕامیارییەوە ناسراوە، ئەو پێیوایە کە ژیان لە حاڵەتی سروشتیدا، گۆشەگیری و بەدبەختانەیە، پیس و نەگریس، کورت و لێوانلیو لە نەهامەتی و ئاژەڵانەیە. هۆبز لەو باوەڕەدایە، کە کۆمەڵگای

سروشتی بریتییە لە قۆناغی سەرەتای، ژیانی مرۆڤ کاتێک لە ژینگەی سروشتی دەرچوو بەرەو شارستانیەت ڕۆیشت، ئیدی ئەوکات گەیشتە قۆناغی گەشە سەندن و شارستانیەت و پێشکەوتن (مکی،٢٠٠٤: ٢٩٦).

## 2- جۆک لۆک (John Loke)

جۆن لۆک (١٦٨٩ -١٧٥٥)، فەیلەسووف و فیزیکزانی ناوداری ئینگلیزی ووەک بیرمەندێکی ڕۆشنگەری بۆچوونێکی نەرمتری هەبوو لە چاو (هۆبز) لە بارەی ژیان و حاڵەتی سروشتەوە، گرنگترین بەڵگە لای (لۆک) ئەوە بۆ کە مرۆڤ دەتوانێت خاوەنداریەتی تایبەت و قۆرخکراوی بەشێکی فراوان لە ژینگەی بی مرۆڤ هەبێت، لە سۆنگیەوە دەتوانین تیۆرەکەی (لۆک) بەوە پێناسە بکەین، کە ئەو ڕەوایەتی دەدات بە دەستێوەردانی مرۆڤ لە ژینگە وسروشتدا. بە ڕای (لۆک) ئەو کاتە ژینگە بەهای خۆی وەردەگرێت، کە مرۆڤی تیدا بێت، بە پێچەوانەوە بێ مرۆڤ ژینگە هیچ بەهایەکی نییە. (محرم نژاد، ٢٠١٠: ٧).

## 3-مۆنتیسکۆ (Montesquieu)

مۆنتیسکۆ (١٧١٢- ١٧٧٨)، لەو بیرمەندانی فەرنسا، کە داوای خۆ گونجانی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی دەکات. مونتیسکۆ لەو باوەڕەدایە، کە ژینگە کار دەکاتە سەر ڕەفتارەکانی مرۆڤ. واتە ئەوان جوگرافیای گەلەکەیان و کۆمەڵگاکەیان و ڕێژەی پێشکەوتنیان لەگەڵ ڕەفتاری مرۆڤ گری دەدەنەوە. لە کتێبی ڕۆحی یاساکاندا مۆنتیسکۆ بە ڕوونی باسی لە هۆکارە جۆراوجۆرەکانی کولتووری و کاریگەرییەکانی جوگرافیا و ژینگەی سروشتی، بە تایبەتی دۆخی کەش و هەوا دەکات و بە پێویستی دەزانێت لە پرۆسەی یاساداناندا کە ڕەچاوی ئەو کاریگەریانە بکرێت (الفراک، ٢٠٢٠: ٤٧).

## 4- جان جاك رۆسۆ(Jean-Jacques Rousseau)

ڕۆسۆ (١٧١٢ - ١٧٧٨)، بە پێچەوانەی بیرمەندانی ڕۆشنگەری بیر دەکاتەوە و پێیوایە، کە سروشتی مرۆڤ لەسەر بنەمای هاوکاری و یەکانگیری ڕاوەستاوە و نمونەی کۆمەڵگا سەرەتایەکانی ئەفریقی و ئەمریکی دێنێتەوە، کە چۆن لەگەڵ سروشتەکەیاندا یەکانگیر بوون، چونکە بە بڕوای

(رۆسۆ) شارستانیەتی لە بری پێشکەوتن پاشکەوتن و زیان بە شۆن خۆیدا دەهێنێت. دەتوانین بۆچونەکانی رۆسۆ وەک سەرەتایەک بۆ (بیرۆکەی سەوز) لە دژی پیشەسازی و لایەنگیری لە ژینگە تەماشابکەین (محرم نژاد، ٢٠١٠: ٧).

### 5-تۆماس ماڵتۆس (Thomas Robert Malthus)

مالتۆس (١٧٦٦- ١٨٣٤)، ماڵتۆس زانای بەریتانی لە بواری دانیشتووان (عالم السکان) بە تیۆری زیادبوونی رێژەی دانیشتوان و هەروەها لەبەرانبەردا کەمی بەرهەمی خۆراک دەناسرێتەوە و لە گرنگترین خاڵەکانی تیۆرەکەی تێکگریدانی ژینگە و تیوری کۆمەڵایەتییە. هەر بۆیە ئەو بە پێویستی دەزانیت بۆ پێشکەوتن و بەردەوانی ژیان پێشنیاری ئەوە کردووە کە پێویستە رێژەی دانیشتوان کۆنترۆڵ بکرێت، تاوەکو خۆراک بەشیان بکات و زەوی و پێکهاتەکانی بەشی هەموو دانیشتوانەکەی بکات. (البلاوی، ١٩٩٥، ٧٢ و ٧٥).

## سێیەم: ژینگە لە تیۆروانینی کۆمەڵناسی هاوچەرخەوە

لە نێوان تیۆروانە هاوچەرخەکان، کەسانێکی وەکو (بۆردیۆ، ئولریش بێک، هابرماس و گیدێنز) تا ڕادەیەک ئاوڕێکیان لە بابەتی ژینگە داوەتەوە .لە ئاڕاستەی تیۆری هاوچەرخدا کۆمەڵناسان لە پاش ساڵی (١٩٧٠) وە وەک لقە زانستیەکی جیا کاریان لەسەر کۆمەڵناسی ژینگە کردووە و دوو قۆناغەکەی پێشخۆیان بەجێهێشتووە، کە ئەرکی سەرەکی کۆمەڵناسان دۆزینەوەی هۆکارەکانی قەیران و تێکچوونی ژینگە بووە، ئەم زانایانە زیاتر ڕوویان لە بەرپرسیاریەتی نوێی مرۆڤ کردووە لە بارەی چاکتر کردنی ڕەوشی ژینگەی. (هانیگان، ٢٠١٥: ٢٥).

### 1-پییەر بۆردیۆ (Pierre Bourdieu)

پییەر بۆردیۆ زانا و کۆمەڵناسی فەرەنسی کە بەشداری چالاکانەی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی پەروەردەی و تیوری کۆمەڵناسیدا هەبووە ( ١٩٣٠- ٢٠٠٢ ) لە نێو کۆمەڵناسانی هاوچەرخ، پێگەی بۆردیۆی فەرەنسی و تیۆرە تایبەتەکەی، کە لەسەر بنەمای دیالکتیکی بونیاد و کردە جێگەی بایەخە. ناوەرۆکی تیۆرەکەی بۆردیۆ خۆی لەوە دەبینێتەوە کە فەزای پێگەی کۆمەڵایەتی بە هۆی ئەخلاق و ئاکاری تاکەکان، بۆ فەزای کردە دەگۆڕێت. ئەخلاق و ئاکار خاڵی گەیشتنە یەکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێگەی کۆمەڵایەتی و کردەوەی لە سەر بنەمای تێگەیشتنی تاک بۆ جیهان. بەم پێیە بەکارهێنان کە لە سەر ئەخلاق و حەزی تاک دەوەستێت، دەبێتە هۆی جیاوازی لە شێوازی ژیان. واتە حەز و سەلێقەی تاکە پێداویستیە سەرەکیەکان دەستنیشان دەکات و دەیانکاتە پێشینە و شێوازی ژیان دیاری دەکات، کە تاکەکان چۆن بژین و چ شتێکیان پێ باش و جوان بێت، ئەوەش هۆکار دەبێت کە تاک چی بکات و چی بەکاربێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە ژینگە، چونکە کولتووری مەسرەفگەرایی و بەکاربەری، زیاتر لەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری پێگەی ئابووری، دەکەوێتە ژێر کاریگەری لایەنی کولتووری. ئەگەرچی تاک خۆی شێوازی ژیانی خۆی دیاری دەکات، بەڵام لە سەردەمی ئیستا زیاتر دەکەویتە ژێر کاریگەری سیستەمی کولتووری لێرەیە کە تاک بەرپرسیار دەبێت لەوەی، کە چۆن بە شێوەیەکی سیستماتیک بۆ پاراستنی ژینگە و سروشت هەوڵ بدات و ببێتە بەشێک لە کولتوور و وەک بەهایەک لای تاک بیچم بگرێت (حاجیلو،٢٠١٧: ٢٣ ).

## 2-ئولریش بێک (Ulrich Beck )

ئولریش بێک ( ١٩٤٤ -٢٠١٥ ) کۆمەڵناسی ئەلمانی تیۆری " کۆمەڵگای ریسک" لەساڵی (١٩٨٦) پاش ڕووداوی تەقینەوەکەی وێستگەی " چێرنۆبێل" لە ئوکرانیا لە دووتۆیی کتێبی " کۆمەڵگای ریسک "پێشکەش دەکات. لە پاڵ چەند بابەتێکی جیاواز، باس لە قەیرانی ژینگە دەکات و هەموویان لە ژێر ناونیشانی ئاکامەکانی مۆدێرنیتەدا کۆ دەکاتەوە و دەیخاتە بەر تیشکی ڕەخنە و شیکردنەوە. بە کورتی هزرەکانی (ئولریش) ئەوەیە کە هەر سەرمایە و بەرژەوەندییەک، و مەترسییەکی هەیە، بۆتە هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە بە تایبەتی هەڕەشەی ئیکۆلۆژی و قەیرانی پیسبوونی ژینگە، کە ئیدی تەنها کێشەیەکی نەتەوەیی و هەرێمی نییە، بەڵکو جیهانی و نێودەوڵەتیە، کەچی ئەم دۆخ و قەیرانە کەمتر لە نێو پلاندارێژەران و سیاسەتمەدارە جیهانیەکان ڕەچاو دەکرێت(هانیگان،٢٠١٣ :٣٥_٤٠)

## 3- یۆرگن هابێرماس (Jürgen Habermas)

هابێرماس،( ١٩٢٩ _ئێستا) بیرمەند و کۆمەڵناسی ئەڵمانی، سەر بە قوتابخانەی ڕەخنەگەرایی فرانکفۆرت، کە سالی ٢٠٠٢ سەردانی ئێرانی کردبوو. هەولی داوە بیسەلمێنێت، کە پەیوەندی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی سروشتی، پەیوەندییەکی ئامرازییە. (هابێرماس) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە تێڕوانینی ئامرازی و دەستێوەردەر بەرامبەر بە جیهانی دەرەکی شتێکە لە ناخی مرۆڤدایە، واتە بابەتەکە پەیوەندی بە سروشتی دەروونیی مرۆڤەوە هەیە. هابێرماس لە دەربڕینی تێڕوانینەکانی وەک تیۆروانە کلاسیکەکان پێوایە، کە شتێکی ئاساییە مرۆڤ، ژینگە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بە کار بێنێت ( حاجیلو،٢٠١٧ :١٩ )

## 4-ئەنتۆنی گیدێنز (Anthony Giddens)

گیدێنزی بریتانی دیارترین کۆمەڵناسانی بەریتانیایە ( ١٩٣٨ _لە ژیاندا ماوە تا ئێستا) هەر وەک (هابێرماس) لە نووسینەکانی باس لە مۆدێرنیتە و ئاکامەکانی دەکات و لە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەیدا بە بەراورد لەگەل (هابێرماس)، گرنگی زیاتر بە بابەتی ژینگە و سروشت دەدات. هەروەها لە تیۆری بە جیهانیبوون باسی چەند ئاکامی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری دەکات. کە گرنگترینیان کێشەی ئیکۆلۆژی و پیسبوونی ژینگەیە .(گیدێنز) ئاماژە بەوە دەکات کە بەپیشەسازی بوون و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن لە ئەنجامی ناوەندە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان سەریان هەڵداوە. ڕەگ و سەرچاوەی کاریگەری مرۆڤ لە سەر ژینگە، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە و زۆرێک لە دەرهاوێشتەکانیشی کۆمەڵایەتییە. کەوایە ڕزگار کردنی ژینگە بە واتای دروست بوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتییەبە تایبەتی لە باس کردنی پیسبوونی هەوا، گەرم بوونی زەوی، گۆڕانی کەش و هەوا، کە ئیستا بووەتە کێشەیەکی جیهانی و تایبەت نییە بە وڵاتێک . (سليمان پور عمران،٢٠١٧ :٤٨ )

## حەوتەم: پارادایمی نوێ ژینگە (NEP)

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، کێشە و پێکدادانە ژینگەییەکان زیاتر لە سەدەی بیستەم، بە شێوەیەکی بنەڕەتی خۆیان دەنوێنن. هەر بۆیە لە ڕاستیدا، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زیاتر لە هەر کات گوشار بۆ سەر ژینگە دروست دەکات و ژینگە تا دێت ڕووبەڕووی مەترسی زۆرتر دەبێتەوە. هەندێک لە لێکۆڵەران پێیانوایە کێشە ژینگەییەکان دەرئەنجامی ڕەفتاری خراپی مرۆڤەکانە بەرامبەر ژینگە (صالحی،٢٠١٠ :٢ ) لە دەیەی (١٩٧٠) هەوڵێکی زۆر درا تا ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئەنجامی هۆشیاری و هەڵسوکەوتی مرۆڤ بەرامبەر ژینگە دروست ببوون، هەڵسەنگاندنیان بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکرێت. یەک لەوانە هەوڵەکانی هەردوو زانای ئەمریکی بە ناوەکانی (داناڵپ و ڤان لیر) (Dunlap & Van Liere)وەک دوو زانا لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی ژینگەی لە ساڵی(١٩٧٨)، بە داهێنەرانی تیوری پارادایمی نوێ ژینگەیی**(NEP)** ناسراون. کە خۆی دەبینێتەوە لە؛ تێپەڕاندن و گوزەرکردن لەو پۆلێنکردنە جێگیرانەی تیۆرەکانی کۆمەڵناسی، بە تایبەتی سەبارەت بەوەی، کە بۆچی و چۆن تاکەکان ڕەفتار و کردەوەکانیان لە پەیوەندی بە ژینگە بگۆڕن (جهرمی،٢٠١٦ :١٢ ). ئەم ئاراستە نوێیە جەخت لە سەر گرینگی هاوسەنگی ژینگە و باڵادەست نەبوونی مرۆڤ لە سەر ژینگە دەکردەوە. بەو واتایەی مرۆڤ تەنها یەکێکە لە بوونەوەرە نیشتەجێبووەکان لە سەر زەوی. (داناڵپ) و هاوکارەکانی توێژینەوەکانیان لەو گۆڕانکارییە ژینگەییانە و کاریگەرییان لە سەر مرۆڤ کرد و بەو ئەنجامە گەیشتن کەوا ڕەفتاری بەرپرسیارانەی ژینگەیی (قاسم آبادی،٢٠١٦ :٢٠٤ )، هەروەها ئەو دوو زانایە گەیشتنە ئەو باوەڕیی کە پێویستە ئەو بانگەشەیە مرۆڤ بوەستێنرێت، کە پێیوایە مرۆڤ بەخشراوە و لەسەروو هەموو بونەوەرەکانی ترەوەیە و هیچ سنورێکی نییە(نصرتی نژاد، ٢٠٢٠: ٤).

## ئەنجامەکانی توێژینەوە:

بەپێی ئەو زانیارییە زانستیانەی کە لەم بابەتەدا خراوەتە ڕوو دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە.

1-هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی و جیابوونەوەی کۆمەڵناسی لە فەلسەفە لەسەر دەستی زانایانی وەک (ئەمیل دورکهایم، کارل مارکس و ماکس ڤێبەر) گرنگی بە بابەتی ژینگەی و ژینگە پارێزی دراوە.

2- ژینگە وەک بابەتی زانستی ئەزموونی، بەڵام ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی تاک و کۆمەڵگاوە و بزوتنەوە و چالاکیە مرۆییەکان لە پێناوی ژینگە پارێزیدا لە بەرەودان.

3-کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەرچی درەنگ، بەڵام لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، ژینگەیان وەک بابەتێکی گرنگی ڕۆژ هێناوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە.

4- بۆ ئەم سەردەمە لقە زانستی کۆمەڵناسی ژینگە پێویست و جێگای بایەخە.

5- ئەرك و بەرپرسیاریەتی ژینگە دەکەوێتە سەر ئەستۆی تاك و خێزان و کۆمەڵگە.

6-دەرکەوتنی مەترسی ژینگە وەک قەیرانێکی جیهانی.

7-پاراستنی ژینکە ئەرکی سەرجەم لایەنەکانە، پاراستنی ئەرکێکی نیشتیمانییە
8- ژینگە تەنیا موڵکی مرۆڤ نییە و تەواوەی بوونەوەرەکانی دیکەش هاوبەشن لە ژینگەدا و پێویستە مافەکانیان پارێزراو بێت و سروشتیانە بەردەوام بن.

**پێشنیارەکانی توێژینەوە :**

بە پێی ئەنجام و بەدواداچوونەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر پێشنیار ئەکات کە:
1- لە کوردستان و ناوەندەکانی زانستی و بەشەکانی کۆمەڵناسی زیاتر گرنگی بە لقە زانستی کۆمەڵناسی ژینگە بدرێت.
2-لە میانەی نویسینی ئەم توێژینەویەوە هەست بە هەژاری کتێبخانەی کوردی دەکرا لە بارەوی سەرچاوەی کۆمەڵناسی ژینگەی، تا ئاستی سفر (بەداخەوە)، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکرێت پشتیوانی لە نوسین و وەرگێڕانی بابەتی کۆمەڵناسی ژینگە بکرێت.
3-ناوەندەکانی چاپەمەنی و راگەیاند هەوڵی هۆشیاری ژینگە پارێزی و گرنگی بوونی کۆمەڵناسی ژینگەی بدەن.
4-هانی زیاتری قوتابیان و توێژەران لە توێژینەوە و تێزەکانی ماستەر و دکتۆرا بدرێت تاوەکو بەرهەمی زانستی باشتر لە بوارگەلی ژینگە و کۆمەڵناسی ژینگەدا بخەنە بەر دەست خوێنەران و لایەنی پەیوەندار بە پرسە ژینگەیەکانەوە.
5-زیاتر کردنی رۆڵی رێکخراو بزوتنەوە ژینگەیەکان لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا لە هەموو جین و توێژەکان..

**پەراوێزەکان**

ئەم پەیپەرە، بەشێکە لەنامەی ماستەری قوتابی شێرکۆ سەردار حسێن لەبەشی کۆمەڵناسی بە ناونیشانی: بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی گەنجان لە پاراستنی ژینگە. توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەپارێزگای هەولێر بەسەرپەرشتیی د. عبدالله خورشید (زانکۆی سەلاحەددینی هەولێر).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کوردییەکان

1- بەرزنجی، صدیق شێخ محمود ،(٢٠٠١)، کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسکردندا، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین/ هەولێر/هەرێمی کوردستانی عێراق
2- زێباری، تاهیر حەسۆ (٢٠١٧)، تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروناسانی کوردستان، هەولێر/ هەرێمی کوردستانی عێراق.
3- عزیز، فرهاد حسن ،( 2017)، ژینگە و پیسبوونی ژینگە، هەولێر، چاپخانەی زانکۆ سەلاح الدین/ هەرێمی کوردستانی عێراق.
4- عەبدولجەواد، رەفعەت (٢٠٢٠)، بنەماکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، حسێن، توانا فەریدون، چآپخانەی مێخەک، سلێمانی/ هەرێمی کوردستانی عێراق.

### دووەم: ئینگلیزییەکان:

5- Dickens, Peter (1992). “Society and Nature: Towards a Green Social Theory”. London: Harvester Wheatsheaf
6- Gross, M. (2000). “Classical Sociology and the Restoration of Nature: The Relevance of Emile Durkheim and Georg Simmel”. Organization & Environment, Vol. 13, pp. 277- 291. Online Available at: http://oae.sagepub.com/content/13/3/277
7- Humphrey, C.P,Lewis, T.L,and Buttel, F.H, (2003), Introduction: the development of environmental sociology جان هانیگن)
8- Turner, Jonathan H. (2013). "Contemporary Sociological Theory ". LA: Sage Publications, Inc.

### سێیەم: عەرەبییەکان

9- ابراهیم، عبدالفتاح (١٩٥٠)، دراسات فی الاجتماع، مطبعة الرابطة، بغداد.
10- بن رمضـان، یوسـف (٢٠١٨)، المسـالة البیئیة فی الرصـید المعرفی لعلوم الانسـانی والمجتمع، موقع اذاعات الدول البیة **(/http://www.asbu.net/ar).**
11- البيلاوی، حازم (١٩٩٥)، دلیل الرجل العادی الی تاریخ الفكر الاقتصادی، دار الشرق، بیروت، لبنان.
12- جمعه، بلعید (٢٠١١) دور مدارس التعلیم الابتدایی و المتوسـط فی التربیه البیئه، دراسـه میدانیه بابتدائیه صـاولی بشـیر و متوسـط قربوعه عبد الحمید، ببلدیه الخروب - والیه قسـنطینه، جامعه منتوری- قسنطینه، كلیه العلوم االنسانیه و العلوم االجتماعیه، قسم علم االجتماع.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

13- الجوهری، محمد وأخرون ( ٢٠١٩ ) ، علم اجتماع البيئة ، دار المسيرة للطباع والنشر،ألاردن .
14- الخواجه، محمد ياسر (٢٠١٣)، علم الاجتماع البيئة، بين الرءوية النظرية و التحليل الواقعی، مكتبة المتنبی، الملكة العربية السعودية.
15- الفراک، احمد (٢٠٢٠)، التربية البيئية و الاخلاق نحو وعی بيئی جديد، مركز فاطمه الفكرية للابحاث و الادراسات، الرباط. المغرب العربی
16- مكی، عبدالمجيد (٢٠٠٤)، الئقد الاجتماعی: الاسس النظرية و ابرز المنظرين، مجله اعل البيت، العدد الاول. بابل/ العراق.
17- هماش، ساعد (٢٠١٧) سوسيولوجيا البيئه فی ظل المدارس النظريه و التجاهات المفسره، قسم علم االجتماع **جامعة في باتنة، الجزائر**

## چوارەم: فارسییەکان:

18- اسلامی زاده،حمید(٢٠٢١)، جامعه شناسی محیط زیست چیست؟مجله جامعه‌شناسی جوان، تهران.
19- ترابی، قاسم (٢٠١٠)، محیط زیست از منظر واقعگرایی، لیبرالیسم و بوم گرایان افراطی با تاکید بر پروتکل کیوتو، فصلنامه سیاست خارجی، شماره٣ ، تهران.
20- توکل، محمد و دیگران(٢٠١٦)، مطالعه درک و تصور زیست محیطی کنش گران فعال در حیطه محیط زیست، فصلنامه جامعه و محیط زیست سال اول، شماره ١، تهران، ایران.
21- پورعمران، سلیمان و دیگران(٢٠١٧) جهانی شدن، سیاست و سواد زیست محیطی: سیری تاریخی به مکاتب و نظریه‌پردازان محیط زیست، فصلنامه علمی ترویجی محیط زیست، شماره ٥٨ تهران.
22- جان، بنسن (٢٠١٤)، اخلاق محیطزیست، مقدمات ومقالات، ترجمه عبدالحسین وهابزاده، نشر جهاد دانشگاه، مشهد/ ایران
23- جهرمی، مجتبی و ئەوانی تر (٢٠١٨)، تامل جامعه‌شناختی در باب مناسات دانش نگرش و رفتارهای زسیت محیطی، مجله مسائل اجتماعی ایران، شماره (١)، تهران.
24- حجت، عیسا(٢٠١٤)، سنت سنت گرایان وسنت گرایی معماران، نشریه هنرهای زیبا_معماری و شهرسازی،شماره١٥، تهران.
25- ساتن، فیلیپ دبلیو ( ٢٠١٣ ) درآمدی بر جامعه شناسی محیط زیست، ترجمه صادق صالحی، نشر سمت، تهران.

26- سعدآبادی، زهرا و ئەوانی تر (٢٠١٨)، محیط زیست، مفهوم چندگانه در علوم انسانی. مجله راهبرد، شماره (٨٣)، تهران/ ایران
27- شاپیرو، سالوین (٢٠١٢) لیبرالیسم معنا و تاریخ آن، مترجم محمد سعید حنایی کاشانی،انتشارات مرکز .تهران/ ایران
28- شبانی، احمد (٢٠١٠)، فەرهەنگی زانستی سیاسی، زانکۆی کوردستان، سنندج/ ایران.
29- قاسم آبادی، امیر نصرت حبیبی (٢٠١٦) جامعەشناسی سفر و گردشگری با ریکرد توسعه پایدار، : جامعەشناسان. تهران/ ایران.
30- صالحی، صادق و کریم زاده، سارا (٢٠١٢)، بررسی رابطه زیست محیطی و رفتار زیست محیطی، فصلنامه انجمن ایرانی، شماره (٢٤)، تهرانحاجیلو. فتانه(٢٠١٧) جامعه پایدار مبتنی بر محیط زیست، موسسه تحقیقات اجتماعی دانشگاه تبریز، تبریز/ ایران.
31- صانعی، مسلم و دیگران (٢٠١٩) ارزیابی رویکردهای لیبرالیستی در مواجهه با معضالت زیست محیطی جهانی، فصلنامه پژوهشهای سیاسی و بین المللی، سال یازدهم، شماره چهل و دوم تهران
32- عصدانلو، حمید (٢٠٠٨)، آشنای با مفاهیم اساسی جامعەشناسی، نشر نی، تهران.
33- فنایی، ابوالقاسم و بهروزی، سجاد (٢٠١٧)، وظایف انسان در قبال محیط زیست، مجله هستی و شناخت، شماره ٢، تهران/ ایران
34- محرم نژاد، ناصر و تهرانی، مهناز(٢٠١٣) مروری بر نظریەهای اجتماعی و مدیریت محیط زیست، مجله انسان و محیط زیست، دوره٨ ،شماره١.
35- محرم نژاد، ناصر و تهرانی، مهناز (٢٠١٠)، مروری بر نظریەهای اجتماعی و مدیریت محیط زیست، مجله پژوهش علوم دانشگاه، شماره ٣٢، تهران.
36- محسنی، منوچهر (١٩٩٧)، مقدمات جامعەشناسی، موسسه انتشارات آگاه، تهران/ ایران
37- هانیگان، جان(٢٠١٥) جامعەشناسی محیط زیست، ترجمه موسی عنبری و دیگران، تهران: دانشگاه تهران، موسسه انتشارات.
38- هانیگن، جان (٢٠٢٠)، کۆمەڵناسی ژینگەی، ترجمه صالحی، صادق، چاپ سمت، تهران. ماسئل زیست محیطی، فصلنامه علمی رفاه اجتماعی، شماره (٥٥) تهران.
39- هی وود، اندرو(٢٠٠١) درآمدی بر ایدئولوژیهای سیاسی، ترجمه محمد رفیعی مهر آبادی، تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین اللمللی.

پێنجەم: **سەرچاوەکانی ئەنترنێت:**

40- ڕەشنوسی یاسای پاراستنی ژینگە،ساڵی / وەرگیراوە لە (٢٠٢٢/٧/١٥) **https://gov.krd/boe/publications/%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%A7%DA%A9%D8%A7%D9%86**

## The Emergence of Environmental Sociology, Its Schools and Theories

**Sherko Sardar Hussain Hawrami**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abdullah Khorsheed**
Department of Philosophy, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

***Keywords:*** *Environment, Sociology of Environment, Theory of the Environmental, Environmental schools, Scientists and Environment*

**Abstract**
This research focuses on environmental issues, their importance and their relationship to the lives of individuals and society, as well as shedding light on the most prominent theories of environmental sociology، and also interested in the history of the inception of scientific activities in environmental sociology. It also studies trends, schools, and the most famous pioneers who worked in the field of environmental sociology. The main objective of this research is to present the most prominent shortcomings and challenges facing environmental sociology in the Kurdistan Region and to provide appropriate solutions to address them. And at the end of the study, the most important results reached by the research and the recommendations are presented.

------------------------------------------------------------

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# نشأة علم الاجتماع البيئي، مدارسه ونظرياته

**الملخص:**
يركز هذا البحث على القضايا البيئية وأهميتها وعلاقتها بحياة الأفراد والمجتمع، وكذلك إلقاء الضوء على ابرز نظريات علم الاجتماع البيئي و ايضا يهتم بتاريخ بداية الأنشطة العلمية في علم الاجتماع البيئي. كما يقوم بدراسة التوجهات والمدارس واشهر الرواد الذين عملوا في مجال علم الاجتماع البيئي. كما يتجسد الهدف الرئيسي من هذا البحث في عرض ابرز النواقص و التحديات امام علم الاجتماع البيئي في اقليم كردستان و تقديم الحلول المناسبة لمعالجتها و في نهاية الدراسة يتم عرض أهم النتائج و التوصيات.

الكلمات الدالة: البيئة، علم اجتماع البيئة، نظريات البيئة، المدارس البيئية ،العلماء والبيئة